# لەیادی كارەساتی هەڵەبجەدا، دەسەلاتداران بەتەقە وەلامی خۆپیشاندەران دەدەنەوە!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

ئەمرۆ 2006/3/16 هاورۆژی یادی كارەساتە دلتەزینەكەی هەلەبجە، لەكاتیكدا كە خەلكی ئەمشارە بیرەوەرەی تال و مەرگەساتەكانی كیمیاباران و تیاچوونی هەزاران كەس لەژن و لاو و منال و پیرو پەكەوتە دێتەوە بەرچاویان و بەغەموو پەژارەو ڤین لەدلێیەوە رادەوەستن و بەدەریایەك لەحەسەروت تورەیی و نارەزایەتی‌یەوە سەرگوزشتە و مەئەساتەكانی دوێنی و ئەمرۆی خۆیان دەبینن و بەم هۆیەشەوە دێنە نێوشەقامی شارو دەست بەخۆپیشاندان دەكەن، لەكاتێكدا كەخەڵكی هەژارو نەداری ئەمشارە داوای باشبوونی ژیانی خۆیان و ئاوەدان بوونەوەی شاری كاولبوویان دەكەن و روبەرووی دەسەلاتدارانی كوردستان هاواردەكەن "بەسیەتی گەندەلی .. بەسیەتی دزی و تالان"..هاواردەكەن و دەلێن  ئێمە ژیانمان نەما و تواناسان برا و ئێوەش لەسەفاو ژیانی فیرعەونیتان تیرنابن"، "بەسە ئیتر بیكاری و بیدەرەتانی و نەبوونی و كۆنەپەرستی و سەرگەردانی" .." ئێمە ئیتر ژیانی شارمان دەوێ، شاری جوان و رازاوە و شایستەی ئینسانمان دەوێ.."..

بەلام وەلامی دەسەلاتدارانی كوردستان و حیزبەكانی كوردایەتی تەقەكردن و پەلاماری خۆپیشاندەران دەبێ و سەرەنجام 11كەس بریندار دەكەن و یەكێكیش لەجێدا دەكوژن و بەمجۆرەش خەڵكی دەترسینن و بلاوە بەخۆپیشانەكە دەكەن.. جێگای ئاماژەیە ئەم خۆپیشاندانە بەدوای دەربرینی نارەزایەتی پێشتری خەڵكی ئەم شارەو ئاگادار كردنەوەی دەسەلاتداران لە خواستە كانیان سەبارەت بە ئاوەدانكردنەوەی شارو باشكردنی ژیانی خەڵك، هاتۆتەكایەوە، هەربۆیە دەسەلاتەكەی یەكیتی بەهاوركای پارتی و هاوپەیمانانیان پێشتر بەهەزاران پیشمەرگەو پۆلیس و ئاسایشەوە ئامادەییی وەردەگەرن و خەلكی دەترسێنن، بەلام خەڵكی شار بەسادەیی رادەگەیەنێ كەئێمە  ڤیستفالمان ناوێ و داوادەكەین پارەكەی بدرێت بەنوێنەرانی خەڵك تا لەباشكردنی ریگاوبان و قوتابخانەو نەخۆشخانەكاندا خەرج بكرێ. لەبەرامبەردا دەسەلاتداران بەمە رازی نابن و بەنیازبوون بۆئەوەی ئەمساڵیش لەیادی كیمیابارانی هەڵەبجەدا ڤیستفال سازبدەن و ئەمساڵیش دوای رشتنی فرمێسكی تیمساحیان بازرگانی بە قوربانیانی هەڵەبجەوە بكەن و سەرنجی رێكخراوە بیانییەكان بۆداوای كۆمەك رابكێشن و بەمجۆرەش رێگای دزی و تالانی بەشی خەڵكی ئەمشارە دریژە پێبدەن.. بەلام ئەم خۆپیشاندانەو ئەو رووداوانە زەمینەو ئاكامی چ هەلومەرجێكن و چ راستی و بەلگەیەك دەدەنە دەست سەرجەم خەڵكی كوردستان؟

بیگۆمان وەعدەو بەلێنی 15 ساڵی رابردوی حیزبە دەسەلاتدارەكان و سەرانیان بەتایبەت وەعدەو بەڵێنی چەندین جارەی تالەبانی و بەرزانی، بەخەڵكی ئەمشارە بۆ باشكردنی بارودۆخی ژیانی خەڵك و ئاوەدانكردنەوەی شار شتێك نیە كە كەس نەیزانێ و ئاگاداری نەبێت. بریاربوو كە برینەكانی هەڵەبجە سارژربكەنەوە و شارێكی مۆدێرن و شایستەی ئینسان دروست بكەنەوە، ئەمانە بریاریاندا نەك ئەمشارە ئاوەدان بكەنەوە بەڵكو بیەكەنە نموونەی شارێكی شارستانی بۆبەرچاوی خەڵكی كوردستان و هەموودنیا، تا ئێشوو ئازاری خەڵكی هەڵەبجە بەتەواوی بیربچێتەوە. بەلام دەسەلاتداران و حیزبەكانی كوردایەتی نەك ئەم كارەیان نەكرد بەڵكو جارێك لەژیرناوی ساوایی حكومەت و جارێك بەبەهانەی یەكگرتنەوەی دوئیدارەو ئەمجارەشیان بەبیانوی بارودۆخی ئالۆزی عیراق و پێكنەهاتنی حكومەتی ناوەندیەوە، خەڵكیان لەچاوەروانیدا هێشتۆتەوە. ئەمەش لەكاتێكدایە كە لێشاوی پارەو پول و كۆمەكی نەتەوەیەكگرتووەكان و رێكخراوە خێخوازیەكان و بودجەی بەشی كوردستان و نەوتی عیراق كەبەتایبەت بەشیچكی بۆ قەرەبوكردنەوەی زەرەرو زیانی شاری هەڵەبجەو

ئاوەدانکردنەوەی تەرخانکراوە، 15 ساڵە دەرژێتەگیرفانی دەسەلاتدارانەوە کەچی لەهەموو ئەو ئیمکاناتە کەمترین ریژەیان بۆ ژیانی خەڵکی ئەمشارە خەرج نەکردووە. لەولایشەوە دەبینین رۆژنیە بەسەرهاتی ژیانی ئەمشارە نەبێتە سەرمایەیەکی سیاسی بەدەست ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە بۆبلاوکردنەوەی خورافەی قەومی و بەهێزکردنی خۆیان لەنێو خەڵکی باقی شارەکانی تری کوردستاندا. بەمجۆرەش هەڵەبجە و کارەساتی کیمیابارەنەکەی بۆتە غەزەبێك بۆخەڵکەکەی و سەرمایەیەکی مالی و سیاسی بۆ بۆرژوازی کورد و حیزبەکانی.

ئەوە 15 ساڵە کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد ژیانی ئەمشارە بەدەردەسەرو نەگبەتی یەك لەدوای یەکدا پەلکێش دەکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان تاتوانیان دەستی مەلاو سەرۆك عەشیرەوت کونەپەرستانی ئیسلامیان درێژکرد بەسەر ژیانی خەڵکەوە و ستانداری شاری و مەدەنیەتیان لەخەڵك سەندەوە، کاتێکیش دەسەلاتیان بۆنەچووە سەر ژیانی خەڵکی شاریان تەسلیم بەچەند مافیاو تاقێمکی تیرۆریست و ئینسان کوژی ئیسلامی کردوو بەناوی شەراکەت لە"حکومەتی هەرێمی کوردستاندا" کردیانن بەحاکمی شار وەختێکیش لەسایەی سوپاو فرۆکەکانی ئەمریکادا توانایان پەیداکردەوە شەریان هێنایە ناوچەکەوە و ئاژاوە و کوشتاریانکردەوە بەبەشیکی تر لەژیانی خەڵکی ئەمشارەو دواتریش کە حاکمیەتی گەندەڵو دارزیوی خۆیان هێنایەوە شار دزین و راوورووت و فراندنی پاروی دەمی خەڵکی هەژار و ژێر پێنانی ئازادی و مافەکان و حورمەتی ئینسانی، هیچ شتیکی تریان لەباردا نەبووە. ئیستا ئەگەر هەر کەسێکی خاریجی بۆسەردانی چەند سەعاتێك بچێتە هەڵەبجە ئەزانێت کەئەو شارە کارەساتێکی گەورەی بەسەر هاتوەو کاولەیە لەباتی شارێکی ئاوەدان، خەڵك لەخانوی بەتەنەکە دروستکراودا دەژین، شەقامەکان هەمووی لەبەریکتزازاوە، خەڵك بەبێ ئاوو کارەباو سوتەمەنی و راکردنی شەورۆژە بۆپەیداکردنی پاروە نانێکدا دەژین، لەولاشەوە سەرانی حیزبەکان و بەرپرسیارانی وردو درشتیان دەبینرێن کەلەنازو نیعمەتی ئەوپەردا دەژین و لە15 ساڵی رابردودا تەنیان رۆژێك بێکارەبایی و بێئاوی و بێسوتەمەنیان نەدیوە، ئەمە چ عەدالەتێکە و چ حکومەتێکی خۆولاتی کوردیە بەسەر سەری خەڵکەوە.

بەهەموو هەم حاڵەوە خەڵکی هەڵەبجە نەك هەرهەقیانە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربرن، بەڵکو هەقیانە کەئیتر دەسەلاتی ئەحزابی کوردایەتی بەسەر سەری خۆیانەوە قبول نەکەن و رێگەیان پێنەدەن بەناوی ئەوان و ئێش و ئازاریانەوە یادی هەڵەبجە بکەنەوە، هەقیانە رێگا نەدرێ پێیان خۆین و لاشەی مۆمیاکراوی منالٚ و لاو ژنی ئەم شارە بکرێتە سەرمایەیەك بۆ پارە کۆکردنەوە و گیرفان پرکردنی سەرانی یەکیتی و پارتی.. خەڵکی شاری هەڵەبجە هەقیانە لەژیانێکی ئارام و خۆشبەخت و دەست راگەیشتوو بە پێداویستیەکانی شارێکی مۆدێرن رابگا، هەقیانە خانووبەرەو ئاوو کارەباو کارو زەمانەتی بژێویان ببێت، هەقیانە رێگاوبان و قوتابخانەو نەخۆشخانەو بەرێوەبەریەتیەکان لەبالاترین ئاستی خزمەتگوزاریدا بن و پیشکەشی هاولاتیانی بکەن.. بەلام بۆئەم هەقانەو بۆ ئەم خواستانە ئەوە تەنها ریزی رێکخراوو یەکگرتووی خەڵکی ئەمشارە خۆیانن کەدەتوانن ریگای بەدیهاتنیان بگیرێتە بەر، خەڵکی شاردەبێ بەتوندکردنەوەی نارەزایەتیەکانیان و بەخستنەرووی خواستی رۆشن و بەیەکگرتووی و هاتنە مەیدانیان دەتوانن لەم ئومێد و ئاوات و مافانەی خۆیان نزیك ببنەوە، بەجیا لەمە هیچ رێگایەکی تر نیە.. ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد شێوەی دەسەلاتی خۆیان بەرامبەر بەخەڵك تاقیکردۆتەوە، خەڵکی هەڵەبجەش تەنهانین و نارەزایەتیەکانی ئەوان لەدرێژەی راپەرینی خەڵکی کەلا رو رانیەو زاخۆ و ئاکرێ و خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆو لاوان و ژنان و کرێکارنی کوردستاندایە، بۆیە خەبات و نارەزایەتی خەڵکی شاری هەڵەبجە و لێکهەڵپێکانی لەگەل خەبات و نارەزایەتی شارەکانی تری کوردستان دەتوانێ هێزێك لەبەرامبەر دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورددا رابگرێ کە نەك هەر ئەوان لەگەندەڵی و فەساد و سەرکوتگەری دەرکێشێ بەڵکو رێگای ئاوەدانکردنەوە و باشکردنی ژیانی خەڵکی کوردستانی پێ بهێندرێتە دی..